# ژن لە ئەدەبی کوردیدا
# دیوانەکانی (ڕەنگدان، ملوانکە)ی "شێرکۆ بێکەس" بە نمونە

**کانیاوبەکرعەبدوڵا[١]، شوانە نوری عەبدوڵا[٢]**
[١] بەشی کوردیی،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان،زانکۆی هەڵەبجە،شاری هەڵەبجە،هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە (ژن لەئەدەبی کوردیدا دیوانەکانی "ڕەنگدان، ملوانکە"ی (شێرکۆ بێکەس)بە نمونە). بەشێوەیەکی گشتی تیایدا هەوڵدراوە، دوولایەن بە چڕیی بخرێنەڕوو، ئەوانیش: (ژن و شیعری شێرکۆ بێکەس)ن. لەلایەکەوە ژن وەک پێکهێنەرێکی بونیادی ئەدەبی باسکراوە، لەلایەکی تریشەوە، هەمان پێکهێنەر، بەڵام لە شیعری شێرکۆ بێکەس و تایبەتتریش هەرکام لە دیوانەکانی (ملوانکە، ڕەنگدان) بەنموونە هێنراونەتەوە. دەشێت زۆرێک لە ناوەڕۆکە ئامادەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەڕادەی پێویست گرنگییان پێدرابێت و کرابێتن بە کەرەستەی گەلێک توێژینەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی کارکردنە لەسەر ژن و ئامادەیی ئەم ڕەگەزەی سروشت، هەروەها خستنەڕووی بەها و ئاستی ژن لەئەدەبیاتی کوردیداو بەدیاریکراویش لەدیوانەکانی شێرکۆ بێکەسدا، هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بوون. ڕێبازی (پەسنیی- شیکاریی)، لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، ئەویش بەوپێیەی؛ کە لە هەنگاوی یەکەمدا، لایەنی پەسنی(وەسفی) لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە، کە خۆی لە باسکردن و خستنەڕووی سەرنج و بۆچوونە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە لەسەر بابەتەکان، پاشانیش شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆچوون و ڕوانینە هاوشێوە و جیاوازەکان و خستنەڕوویان لە بەرهەم و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا و شیکردنەوەی زیاتری دەقە شیعرییەکانە لەم ڕوانگانەوە.

**کلیلی وشەکان:** (ژن ، شیعر، شێرکۆ بێکەس )

## الملخص

هذا البحث(المرأة فی الادب کردی، دواوین (رەنگدان،ملوانکە) لشیرکو بیکەس نموذجا) حاول بشكل عام أن يعرض جانبين مركزين ، وهما: (المرأة و شعر شیرکو بیکەس)، تم ذكر المرأة كمكون للبنية الأدبية من جهة، ومن جهة أخرى نفس المكون لكنه تم الإستشهاد بها في شعر شیرکو بیکەس و بشكل أخص في كل من ديواني( ملوانكة و رنكدان) ربما حظيت كثير من المحتويات المعدة في قصائد شیرکو بیکەس بالإهتمام بنسبة لازمة و تحويلها إلى مادة مجموعة من الأبحاث، لكنه العمل على المرأة و موقعها و حضورها و كذلك تقديم قيمة و مستوى المرأة في الأدبيات الكوردية و تحديدا في دواوين شیرکو بیکەس كان من الأسباب الرئيسية لإختيار هذا البحث، تم إستخدام المذهب الوصفي التحليلي في هذا البحث، وذلك لإتباع الجانب الوصفي للبحث في الخطوة الأولى الذي يتمثل في الشرح و عرض وجهات النظر المختلفة على المواضيع، ومن ثم تحليل و توضيح وجهات النظر المتشابهة و المختلفة و عرضها في الأعمال الشعرية لشیرکو بیکەس و تحليل أكثر للنصوص الشعرية في هذه المنطلقات

**الكلمات المفتاحية:** ( المرأة، الشعر، شیرکو بیکەس)

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10446 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ کانیاوبەکرعەبدوڵا، شوانە نوری عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This research “Woman in Kurdish Literature, Rangdan and Mlwanka's Divans by Sherko Bekas as Example” aims to explore two factors, which are : “Women and Sherko Bekas poems”. On one hand, women are as an component of the basis of literature, and on the other hand, the same component, but in the poetry of Sherko Bekas especially in the poem collections of “Milwanka and Rangdan” which have been taken as examples. Many prepared indexes might be paid enough attention in the poems of Sherko Bekas and have been made elements of many researches. But generally, working on the position of women and existence of this genre of nature, and contributing the status and value of women in Kurdish literature and more specifically in the poem collections of Sherko Bekas, were the main reasons of choosing this research. The descriptivism criteria have been applied in the research which contains variety of critics and view points about the subjects, then analysis and explaining coequal and different opinions in the poems of Sherko Bekas and further analysis of texts in these terms.


**Keywords:** Women, Poetry, Sherko Bekas

## پێشەکی

دەشێت لە ناو ئەدەب و ئەدەبیاتدا، گەلێک لە دیاردە و بوارە جیاوازەکانی ژیان بدۆزرێنەوە، کەڕەگەزی شیعر و ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکان، ئاوڕیان لە زۆرێک لە پێکهێنەرەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی داوەتەوە. بێگومان ژنیش بەدەر نییە لەم ڕاستییە. هەربۆیە بەپێویست زانراوە پێگەی ژن لە شیعردا بخرێتەڕوو. "شێرکۆبێکەس" وەک دیارترین نوێنەری قۆناغی نوێی ئەدەبیات و شیعری کوردیی، ڕوانینی تایبەتی سەبارەت بە زۆرێک لە پێکهێنەرەکانی ناوکۆمەڵگای کوردی هەبووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە گرنگییەکی تایبەت بە شیعرەکانی و پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی بدرێت، شاعیر بە بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە دەقی شیعریی و دیوانەوە، ئاوڕی لە زۆرێک لە دیاردەکانی ژیان داوەتەوە."دیوانی ڕەنگدان ودیوانی ملوانکە" لە دیارترین دیوانەکانی شێرکۆ بێکەسن کە بەرێژەیەکی زۆر تایبەت و تەرخان بە ژن و توخمی مێینە کراون، لەم توێژینەوەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە و دەقی تایبەت ودیاریکراو و تەرخان بەژن هێنراونەتەوە. ئەو مەبەست و ڕوانگە تایبەتییەی شاعیریش، کە لە ناو دەقەکاندا باسکراون، خراونەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە،لەدووبەش پێکهاتووە.بەشەکانیش کراون بەچەند پارو وەچەپارێکەوە وبەمجۆرە دارێژراون:

**بەشی یەکەم/ وێنای ژن لە ئەدەبیاتدا**

**پاری یەکەم/ ژنی کورد لەژیانی ڕۆشنبیری کوردیدا**

**یەکەم/ ژن لە شیعردا**

**دووەم/ ژن لە چیرۆک و ڕۆماندا**

**پاری دووەم/ ژن لە قۆناغە شیعرییەکاندا**

**یەکەم/ ژن لە قۆناغی کلاسیکدا**

**دووەم/ ژن لە قۆناغی ڕۆمانتیکدا**

**سێیەم/ ژن لە ئەدەبیاتی نوێ وهاوچەرخدا**

**بەشی دووەم/ پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا**

**پاری یەکەم/ پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی شێرکۆ بیکەس**

**یەکەم/ سروشت**

**دووەم/ ئازادیی**

**سێیەم/ ژن**

**پاری دووەم/ ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی (ڕەنگدان)دا**

**پاری سێیەم/ ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی (ملوانکە)دا**

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژەران لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییەدا ئەوەیە، کە یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ناو دونیای ئەدەبیات، کەبریتییە لەبایەخدان بەژن وپێگەی ژن لەبەرهەمی نوسەران و بەدیاریکراویش لە بەرهەمەکانی "شێرکۆبێکەس" دا بۆ خوێنەران شرۆڤە بکات و ببێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەداهاتودا.

## بەشی یەکەم/ وێنای ژن لە ئەدەبیاتدا

### پاری یەکەم/ ڕۆڵی ژنی کورد لەژیانی ڕۆشنبیری کوردیدا

ژنی کورد وەکو هەموو ئافرەتی دنیا خاوەنی کەسایەتی و ژیانی خۆیەتی وپایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە لەمێژووی ژیانی کوردەواریدا. ژنی کورد ئافرەتێکی دەست ڕەنگینە لەماڵ و منداڵ پەروەردە کردنداو جوانیەکی تایبەتی خۆی هەیە, ئافرەتی کورد زیرەك وچالاکەوزۆرجارفەرمانڕەوایی ودەسەڵاتی گرتۆتەئەستۆو سەرکەوتوبووە تیایدا(ئافرەت لەگەڵ پیاودا لەقۆناغی ڕزگاری گەلدا خەباتی کردووە ,هەرگیز دەستەوستان نەبووە,بەڵکو لەزۆر ڕاپەڕین و تێکۆشان لەپێناوی بەدیهێنانی ژیانێکی بەختیاردا دەوریان هەبووە بەدرێژایی ساڵانی خەبات و هەتائێستاش، ئەوەی ئاشکرایە لەڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) دا دەورێکی بەرچاویان هەبووە هەر ئەوبوو لەگەڵ هاوسەر و باوك وبرایدا کۆچڕەوی کرد , ئەمانە کاروکردەوەکانی ئافرەتن لەقۆناغی ڕزگاریدا چونکە هەستیان بەوە دەکرد , ژیان تەنیا خواردن ونوستن نیە بەڵکو ڕۆشنایی وەرگرتن وهەڵوێستە)(مامە،٢٠٠٢: ١٥)

لەئەدەبی سەرجەم گەلانی دونیادازۆرجار ژن بۆتە سەرەبابەتی بەرهەمەئەدەبیەکان , ئەدەبی کوردیش لەم خاسیەتە بەدەر نییە, بەتایبەتی لەشیعردا. هەمیشە شاعیران ورووناکبیرانی کورد داوای خەبات وسەربەستی ئافرەتی کوردیان کردووەو داوایان لێکردون، کەداوای مافەڕەواکانی خۆیان بکەن  بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بژین، ئەگەر سەرنجی هۆنراوە کۆن و تازەکانیش بدەین ئەوا بەئاشکرا ئەم خاسیەتە ئەبینین. ژنی کوردیش هەر لەکۆنەوە خەباتی کردووە لەپێناوی سەربەستی وئازادیدا شان بەشانی پیاو جەنگاوەو بەتەواوەتی لەخەبات و تێکۆشاندا لەپێناوی ئازادی نیشتیماندا بەشداری دەکات وبەشداری کردووە، شاعیرانمان لەهۆنراوەکانیاندا بەزمانی ژنەوە قسە دەکەن وئازایەتی وقارەمانی ژنی کورد دەردەبڕن، کەچۆن لەمردن سڵ ناکەنەوە وخۆیان دەکەنە قوربانی و ڕوولەدوژمن دەوەستن.

### یەکەم:  ژن لەشیعردا

ژن لای شاعیرانمان بەشێکە لەکۆمەڵ , لەپێناوی مەسەلەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشن , چونکە مەسەلەی ژنیش بەشێکە لەو مەسەلە گشتیەی کۆمەڵ. ژن تەنها پەیکەرێکی جوانی نییە, بەڵکو خەباتگێڕو شۆڕشگێڕو ئیلهامبەخشی هەست ونەستی شاعیرە. شاعیرانیشمان پلەی بەرزوبەنرخیان داوەبەژن وبەچاوی ڕێزەوە سەیریانکردونو شانازیان پێوەکردون.((لەباسکردنی کێشەی ئافرەت لەنێو هۆنراوەدا نابێ ڕۆڵی شاعیرانی کوردمان لەیاد بکرێ , کاتێ بوێژەکان بۆیان دەرکەوت کەوا ئافرەتی کورد زیادلەپێویست چەوساوەتەوەو ماڵوێران وبێدەرەتانە، کورەی دەروونیان هاتە جۆش و خامەیان کەوتەکار, ئەوەبوو خۆشیی وناخۆشیی وباری نالەباری ئافرەتی کورد لەنێو هۆنراوەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە))(موکریانی،١٩٨٠: ٢٧) زۆر جار دەڵێن ئەگەر بێت وئافرەت خۆی باس لەکێشەکانی خۆی بکات جوانتر دەتوانێت هەست

ونەست وئازارو کیشەکان دەربڕێت, چونکە خۆی لەو ڕوداوانەدا ژیاوە. (( نکۆڵی لەوە ناکرێ کەجیاوازی مەودای کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی نێوان پیاو ژن لەکۆمەڵگاکانی دنیادا جیاوازە , دەڵێن کەس وەکو ژن خۆی ناتوانێ گوزارشت لەوکێشەیە بکات , ئەمە ڕاستە پیاوێك بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لەکیشەی ژن بکات دەبێ خۆی لەجێگەی ژن دابنێت و وێنەی خۆی بکات کەژنێکە )) (قەرەداغی،٢٠٠٢: ٧ )، چونکە ژن دەیەوێت ژنانەیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گرنگی پێدانی وشەو دەربڕینەکانی(( مادەم ژنان ئەزمونی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئەوا هەرخۆیان دەتوانن دەربڕی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیانبن بەهەموو ڕونکردنەوەو هەڵچوونە تایبەتییەکانی خۆیان، هەربۆیە ژنان بەوشێوەیە ناڕواننە شتەکان هەروەک چۆن پیاوان بۆی دەڕوانن، لێرەوە بیروهەستی جیاوازیشیان دەبێت))( إبراهیم، ٢٠٠٨: ٢٣١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کەشاعیرانی گەورەی کوردزۆر بەجوانی توانیویانە ئازارو کێشەکانی ئافرەت بخەنە ناو هۆنراوەکانیانەوەو داوای تێکۆشان لەژنان بکەن و چاویان بکەنەوە بەرامبەر بەوهەموناهەمواریانەی، کەبەرامبەر بەژنی کورد دەکرێ. واتە دەتوانین بڵێین، کەشاعیرانمان توانیویانە زۆر ڕاستگۆیانە ئەو هەست وسۆزەی ژنی کوردمان بۆ بگەیەنن. (بێکەس)ی شاعیر داوا لەژنان دەکات بێنە ناوکۆمەڵەوەوعەباوپەچە فرێ بدەن وبێنە کۆڕی خەبات. شاعیر بەناوی (نەسرین) ناوێکەوە قسە لەگەڵ ئافرەتی کورد دەکات ودەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە
گیرۆدەی بەندی , ژیانت زوڵمە
وامن پێت دەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە,چ وادەی شەرمە (بێکەس، ١٩٨٠: ٥٣)

لەشیعری (هێمن موکریانی) دا زۆر بەجوانی باسی ژن لەهۆنراوەکانیدادەبینین، شاعیر لەڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرە کوردانەیە بەدڵێکی پڕ لەسۆزەوە باسی لەئافرەتی کوردی کردووە وبەخەبات و تێکۆشانی بەستۆتەوە, لەگەڵ نیشتیماندا ئەیان کات بەیەك و خۆشەویستی خۆی بۆهەردوکیان دەرئەبڕێ.((هێمن وەك مرۆڤ سەیری ئافرەت دەکات نەك تەنیا وەك جوان , ئافرەت لای هێمن (مرۆڤێکی جوانە) وهەم مرۆڤایەتییەکەیی وهەم جوانییەکەشی پێویست ئەکەن سەربەست وئازاد بێ )(مەلاکەریم،١٩٧٥: ١٢٢) هەروەها هێمن بانگی ئافرەتی کورد دەکات بۆ ڕاپەڕین وفڕێدانێکی شۆڕشگێڕانەی عەباو پەچەو ڕووکردنە خوێندن چونکە تەنیا خوێندن چاری دەردی کۆمەڵایەتی و کوردەواری ئەکات وەکو چۆن شاعیرخۆی دەڵێت:

کۆیلەیەتی باوی نەماوە , کیژی کوردی خۆشەویست
ڕاپەڕە , هەستە لەخەو , ئاخر چ وەختی نوستنە
دەرکە بشکێنە , پەچە بدڕێنە ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە, هەرخوێندنە (موکریانی، ١٩٧٤: ٧٢)

گەر سەیری هەر دەقێکی شیعری بکەین دەبینین شاعیرانمان جگە لەوەی شیعریان بۆ خاک و نیشتمان، یان ئازادی، یان هەر بابەتێکی تر نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقەکانیاندا باسی ژن کراوە و وێنایەکی جوانیان بۆکردووەو وەسفی بەژن وباڵایان کردوون و هەروەها باسی ئەڤینداربیان بۆ ئەم ڕەگەزەکردوە.دەتوانرێت ئەوە بوترێت، کە ژن لەناو دەقە شیعریەکاندا پانتایەکی گەورەی گرتووەو پێگەی ژن وکارەکتەری ژن لە شیعردا زۆر بەجوانی وێناکراوە (پیرەمێرد) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەرچەندە تەمەنی بەرەوو ژوور هەڵکشاوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشداکاتێک خوێنەر دەقە دڵداریەکانی شاعیر دەخوێنیتەوە واهەست دەکات شاعیرێکی لاوئەوبەرهەمەی نوسیبێت "پیرەمێرد "یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لەبەرهەمەکانیدا بەشێکی شیعرەکانی بۆجوانی ژنان نوسیوەو وەسفێکی جوانی بۆکردوون .بۆنموونە لە دەقە شیعرێکدا باسی جوانیی کچە جافی کردووەو دەڵێت:

کچۆڵەی بەناز، کچۆڵەی بەناز

جنسی لەتیفی شۆخی سەرفراز

بازی عیشوە باز، دۆستی شەکەر ڕاز

پێکە نینەکەت بۆزام مەرهەم ساز (پیرەمێرد، ١٣٩٢: ١٥٦)

لەدەقێکی دیکەیدا دەڵێت:

**(ئافرەت)**

بەرۆژ زوڵف بێنێتە سەر ڕوو، ئەڵێت: هاوارە، ڕۆژگیرا!

بەشەو ڕووی دەرکەوێ، مژدە ئەدەن: وا جەژنە مانگ گیرا. (پیرەمێرد، ١٣٩٢:٢٠٦)

لێرەدا پیرەمێرد روخساری ژن بەخۆر و مانگ دەچوێنێت پێی وایە گەر یار پرچەکانی بێتێتە سەر ڕووی ئەوا خۆر ئەشارێتەوە و بەمەش ڕۆژگیران ڕوودەدات یان ئەگەر بەشەودا ڕووخساری دەرکەوێ ئەوا جەژنە وەک دەزانرێت زاناکان و مەلا ئاینیەکان بە دەرکەوتنی مانگ کە نیوەی دەردەکەوێت دەیکەن بە جەژن. پیرەمێرد هاتووە ڕێک ئەم دیاردەی چواندوە بە ڕوخساری ژن کە دیمەنێکی جوان و دڵگیرە. لێرەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە هەڵبەستەکانی پیرەمێرد بۆ ژن وێناکارییەکی باڵای تێدا بەدیدەکرێت، کەچواندونی بەودیمەنە جوان وسەرنجڕاکێشانەی، کەلەسروشتدا هەن.

یەکێکی دیکە لەو شاعیرانە(قانع)ی شاعیرە کە لە دێڕە شیعرەکانیدا پێگەی ژن و وەسف و وێنای ژنی کردوە هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەو دیاردانەی کردوە کە لە کولتور و کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوون سەربارەت بە ژن و پێگەی ژن، شاعیر هاتووە ئەم دیاردانەی کۆمەڵی لەناو هۆنراوەکانی باسکردوە . باسی ئەو بەشخوراویەی کە ژنان لەوکاتەدا لەناوکۆمەڵگادا هەیانبووە، شاعیر ئەم پەیامەی بەچەند دێڕێک گەیاندووە و دەڵێت:

کچی بەستە زمان دەوری ژیانی

سینەمایێکە ئەگەر بزانی

کە لەدایک بوو ئاهەنگی نیە

دەڵێن: ئای کچە! فائیدەی چیە؟ (قانع، ١٣٨٤:٣٥٠)

هەر لەهەمان دێڕدا شاعیر زۆر بە جوانی ئەو نایەکسانییەی، کە لە نێوان کوڕ و کچدا هەبووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ونەیانهێشتووە کچ لە چوارچێوەی ماڵدا بێتە دەرەوە. تەنها وەک خزمەتکارێکی ماڵ چاویان لێکردووە، دەیخاتەڕوو. دەڵێت:

نابێ بە دارتاش نابێ بەتوجار

نابێ بە ناڵبەند نابێ بە عەتتار

ئەگەر لە حەوشە سەر بێنێنە دەر

دایکی تێی ئەخوڕێ: بێ حەیای ماکەر (قانع، ١٣٨٤:٣٥١)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم: ژن لە چیرۆک و ڕۆماندا

هەرچەندە لە ناو دێرەشیعرەکاندا ژن ئامادەیەکی بەر چاوی هەیە، لەگەڵ ئەویشدا چیرۆک ورۆمان بەدەرنەبوونە لەوەی بایەخ بەژن نەدەن، بەڵکو ئەم دووژانەرەش بایەخیان بەژن و پێگەی ژن داوەو ئەم توخمە سەرەکییەی پێکهێنەری ژیانیان پشتگوێ نەخستووەو بوون بەرەگەزێکی گرنگ لەپێکهێنانی دەقەگێرانەوە بەندییەکاندا، چەندین رۆمان و چیرۆک هەیە، کەلەو بوارەدا ڕۆڵە جیاوازەکانی ژنان دەخەنەڕوو. تەنانەت نووسەری ڕۆمانی ژنیش بوونە یەکێک لەوانە: (ئەلیف شەفەق)ی تورکیە، کە لە ئێستادا یەکێکە لەڕۆماننووسە باشەکانی دونیاو باوەڕی بەیەکسانی ژن وپیاو هەبووە.ئەوەی کەزۆر دەنگدانەوەی هەبووە ڕۆمانی (چل ڕێساکەی عەشق )ە وخاوەنی چەندین بەرهەمی دیکەیە وەکو (ڕۆمانی شەرەف، ڕۆمانی زۆڵەکەی ئیستەنبوڵ، هەرسێ کچەکەی حەوا..... هید). چەندین نموونەی ڕۆمان هەن، کە لەدەوری تەوەرە سەرەکیەکەی ئەم توێژینەوەیە دەخولێنەوە. بۆنموونە (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)، کە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی باسی توخمێ ژن دەکات. دەتوانین بڵێین لەبەشێک لەچیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، پیاو لەبری ژن قسەی کردوە و لەبری ئەو نوسیویەتی. باسی ماف و ئەرکی کردووە وگوزارشتی لێکردووە. ڕۆمانی (چاوەکانی)، کە نوسەر(بوزورگ عەلەوی) نوسەریەتی، باسی ئامادەیی ژن دەکات لەناوڕۆماندا لەڕوانینێکی جیاوازەوە باسیدەکات. دەتوانین بڵێین نوسەر لەم ڕۆمانەدا بە چاوێکی ڕۆمانسیانەوە باسی ژن دەکات. هەموو ڕۆمانەکە لە چوارچێوە تابلۆیەکدا دەخولێتەوە، کە چاوی ژنێک نیشاندەدات، کە باس لە نیگارکێشێک دەکات بەناوی (مامۆستا ماکان)، کاتێک وێنەی هەر تابلۆیەکی کێشاوە، هەر وێنەیەک ڕووداو و کارەساتێکی خۆی لە پشتەوەبووە. بەڵام کۆتا تابلۆی بەر لەمردنی هیچ لێدوانێکی لەسەر نەوتووە. ئەویش دوو چاوی ژنێک بووە، کە کێشاویەتی. هەر کەسێک وێنەی تابلۆکەی ببینایە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکرد، هەر بۆیە یەکێک لە خوێندکارەکانی (مامۆستا ماکان) سەرنجی خۆی لە سەر تابلۆکە خستوەتە ڕوو لە تابلۆکەدا وا تێڕوانینی بۆدەکات، کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم چاوانە و (مامۆستا ماکان)دا هەبێت. لێرەدا نوسەر بەشێوەیەک باسیدەکات، کە هەر خوێنەرێک لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، سەرنجی بەرەو ئەوچاوانە ببات، بەجۆرێک لە ئەندێشەی خۆیدا وێنەیەکی بۆ بکێشێت وەک خۆی ئاماژەی بەوە کردوە و دەڵێت: ((تابلۆی"چاوەکانی" بریتی بوو لە دەموچاوی سادەی ئافرەتێک، دەموچاوێکی درێژی ئافرەتێک کە زوڵفەکانی وەکو قیری تواوە بەسەر شانەکانیدا هاتبووە خوار. هەمووشتەکانی ئەم دەموچاوە نائاشکرابوون. لووت و دەم و ڕوومەت و نێوچەوانی بەڕەنگێکی تاریک کێشرابوون)). (عەلەوی، و.بەرزنجی،٢٠٠٢: ١٥).

نوسەری دیار و بەناوبانگ (شێرزاد حەسەن)، کە خاوەنی هەریەک لەم بەرهەمە ئەدەبییانەیە (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان). بێگومان لەنێوان دەقەئەدەبییەکانیدا، باسی لە هەموو ئەو بابەتانە کردووە، کە پەیوەندیان بە ژنەوە هەیە. بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی پێداوە.نوسەر لەنوسینەکانیدا هەوڵیداوە باسی ئەوزوڵم و نایەکسانییەی، کەبەرامبەر ژن دەکرێت بخاتەڕوو. هەربۆیە لە ڕۆمانێکیدا بەناونیشانی (ژنێک بەسەر منارەوە)، باسی ڕوانینی کۆمەڵگا دەکات. "کۆمەڵگا و ئاین و پیاو"چۆن سەیری ژن دەکەن و باسی ئەو دابونەریتانەی، کە لەنێوان کۆمەڵگادا بوونیان هەیەو نابێت ژن نزیکیان بێتەوە. هەروەها ئەو زوڵم و نایەکسانیی و جیاوازیانە دەخاتەڕوو، کە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، کە ڕەنگە هەندێکجار ژنان ئاواتیان خواستبێت لەو توخمە نەبوبان و لە توخمی نێر بونایە. (شێرزاد حەسەن) هاتووە لەنێو ڕۆمانەکەیدا ئەم دیاردانەی خستوەتەڕوو، کە لەنێوان ژیانی واقعیدا بەرجەستەن. ((تاو ناتاوێک بە دەستە چکۆلانەکەی فرمێسکی دەسرێت، ئەو دەستەی، کە هێشتا بۆنی خۆخەکەی لێدەهات و توکی سەرپێستی خۆخەکەی وەک سەری دەرزی دەچەقییە سەر کوڵمەکانت، کە ئەم بە ناو لەپ، فرمێسکەکانتی دەسرییەوە. هێشتا دەنگ و قاقای دێو ئاسای ئەو پیاوە غەریبە دەگەیشتە گوێت و لەوەختی سڵاو و بەخێرهاتن، نیازی بوو بەبیانووی تەوقەکردنەوە دەستت بگوشێت)). (حەسەن،٢٠١١: ٢٧).

بەمشێوەیە بۆماندەردەکەوێت، کە لە ڕۆمان و چیرۆکەکاندا، گرنگییەکی باش بەپێگەی ژن دراوە. بە جۆرێک لەگەڵ ئەوەی باسی جوانیی ژن کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کێشەوبابەت ودیاردانەی دەربارەی ئەم توخمە هەبوون، کراون بە باس و نوسینی ڕۆمان و چیرۆک و نوسەران بەئاشکرا ئەم دیاردانە لەنێو بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت.

## پاری دووەم: ژن لە قۆناغە شیعرییەکاندا

ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبیات دەبینین سەرەتا وبناغەکەی بەشیعر دەستپێکردووە. شیعر گرنگیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. شیعری کوردیش بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. ئەوقۆناغانەیش بریتین لە (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخ..). هەریەکە لەم قۆناغانەیش تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. . ((لەنێو ئەدەبیاتدا هیچ شاعیرێك نیە کاریگەریی ئەدەب و شاعیرانی پێش خۆی لەسەر نەبێ))(عەبدوڵاوهاورێکانی، ٢٠٢١: ٧) نووسینی شیعر لە قوناغی کلاسیکدا جیاوازە لە نوسینی شیعرلە قۆناغی ڕۆمانتیک و ئەدەبی نوێدا. لە هەریەک لەم قوناغانەیشدا باس لە پێگەی ژن کراوە.

## یەکەم: ژن لەقۆناغی کلاسیکدا

کلاسیزمی کوردی ئەو ئەدەبەنوسراوەی کۆنی کوردە، کەپەیڕەوی لەسیستەمی عەروزکردووەوئەوگەنجینەئەدەبییە دەوڵەمەندەیە، کەبیری داهێنەرانەی دەیان شاعیری وەک: (باباتاهیرو مەلای جزیری و سێکوچکەی بابان و ئەحمادی خانیی و ....هتد) لەلاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبماندا دایانهێناوە. لەم قۆناغە شیعرییەدا گرنگی بە ژن دراوەو بەچاوێکی بەرز لەپێگەی ژنیان ڕوانیوە وشاعیران ژنیان بەسەرچاوەو ئیلهام بەخشی شیعرەکانیان داناوە. یەکێک لەو شاعیرە دیارانەی کە سەر بەم ڕێبازەیە(نالی)شاعیرە کە زۆر گرنگی بەژن و پێگەی ژن لەناوشیعرەکاندا داوە. نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی لە وەسفی ژندا گەشتوتە لوتکە، نالی لە وەسفکردنی دولبەرەکەیدا زۆر بەجوانی دەقەشیریەکانی ڕازاندۆتەوەو دەڵێت:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکات.

خێل و قیچە یان تەرازوی نازی نەختی سەردەکات. (نالی، ١٣٦٢: ١٠٨)

لەم دەقەدا شاعیر بەشێوەیەکی بەرز و جوان لە باسی یارەکەیدا کۆمەڵێک جوانی دەخاتە پاڵی و بە زمانێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە لێیدەڕوانێت، کە دەڵێت ئەوە مەحبوبە نیە، کە چاوی خێل وقیچ بێت، بەڵکو ئەو نازدەکات. شاعیر لێرەدا بەتەواوەتی شێوازێکی جوان بەیارەکەی دەدات وەک ئەوەی هیچ عەیبێکی نەبێت. لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

دەستم لەگەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وابزانە خوێنی خۆمە، یامننەتی ڕەقیبە. (نالی، ١٣٦٢:٣٩٤)

شاعیر لێرەدا دەیەوێت ئەوە بڵێت بە حەبیبە، کە دەستی لێبەرنەدات. ئەوکوژراوی دەستی خۆشەویستی ئەوە.

"سالم" ی شاعیریش یەکێکە لەشاعیرە بەناوبانگەکان، کەلەزۆربەی شیعرەکانیدا باس لە خۆشەویستی یارەکەی دەکات و ژنی کردووە بەسەرچاوەو ئیلهامی شیعرەکانی لە یەکێک لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

فەلەک زەحمەت لەدڵ مەیلت بەدەرکا

بینای هەستیم ئەگەر زیروزە بەرکا

تەلاشی عیشقی بێ، هەر کەس لە دڵدا

دەبێت سینەی سیپەربێ وتەرکی سەرکا. (سالم، ١٣٩٩: ٩٠)

شاعیر لێرەدا مەبەستی خۆشەویستی یارەکەیەتی، کە کەس ناتوانێ لە دڵی دەربکات دەڵێت ئەگەر چەرخی گەردوون سەرو ژێرم بکات و لەناوم بەرێت، گرانە بتوانێ خۆشەویستیت لە دڵم دەربکات هەر دەمێنێتەوە. بەمشێوەیە باس لە خۆشەویستەکەی دەکات کەچەند بەنرخە لەلای و ئەوەندە خۆشی دەوێت کەس ناتوانێت خۆشەویستەکەی لەدڵی دەربکات. وەلە بەشێکی دیکەی شیعرەکەیدا دەڵێت ئەوەی عیشق لە دڵیدا بوبێت سینگی بکاتە قەڵغانی تیری نیگای یارو لەم ڕێیەدا واز لەسەری خۆی بهێنێت. )مەحوی ) یەکێکی ترە لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی ، دەستێکی باڵای هەبووە لەپیاهەڵدان و وەسف کردنی جوانی ژنداو شیعرەکانی ڕازاندووەتەوە بەپیاهەڵدان وجوانی ژندا، شاعیر لەهۆنراوەیەکیدا دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ لە ڕۆحم

سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیامارە (مەحوی، ١٣٨٩: ٥٠٤)

پرچی یار هێندە کاریگەرە بۆ ڕاکێشان و گیرۆدەکردنی دڵی دڵداران ، خەیاڵی پرچی دەرناچێت ، هێندە جوان و سەرنج ڕاکێشە هەتا ڕۆحی دەرنەچێ ، گەنجینەی بەختی عاشقان و دڵداران کە لە دونیای دا سپێراوە بە پرچی ڕەشی یارەوە.

## دووەم: ژن لەقۆناغی ڕۆمانتیکدا

لەشیعری نوێی کوردیدا ژن پایە و گرنگی و سەنگی خۆی هەبووەلەناو دەقە شیعرەکاندا شوێنی بۆ تەرخان کراوە ، بەجۆرێك زۆربەی شاعیرە ڕۆمانتیکەکان باسی جوانی ژنیان تێدا کردووە و خۆشەویستیان بۆژن دەربڕیوە ، ئەو گرنگی پێدانەیش لە پلەیەکی بەرزدا بووە. ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکان بەجوانی پرچ ولێوی ئاڵ وبەژن و باڵای ژندا. لە هەمان کاتدا جوانی ژن و سروشت کاریگەری زۆری لەسەر شاعیرەکان هەبووە. هەروەها ((دەر خستنی جوانی سروشت و ئافرەت لە ڕیزی پێشەوەدایە)) (حسێن، ٢٠١٠: ٢٨٢)، بەڵام لای هەندێك لە شاعیران جوانییەکانی ژنیان لە جوانیەکانی سروشت پێ بەهاتربووە( گۆران ) ی شاعیر یەکێکە لە شاعیرە ڕۆمانسییەکان ، کە دەورێکی باڵای لەشیعری ڕۆمانتیکی کوردیداهەبووە. گەر باسی ژن بکەین لە نێو شیعرەکانی ( گۆران ) دا ، کەم شاعیری کورد وەك ئەو تەعبیری لە ژن کردووە وەك خۆشەویست ، جوانی ژن وادەکات گۆران نەشئەی شیعری بگاتە لوتکە و بەشێك لە شوناسی مامۆستا گۆران وێناکردنی ژنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا،شاعیر جوانی ژن دەکاتە سەر مەشقی جوانیەکانی بوون ، بە ئاشکرا بانگەوازی جوانی ژن دەکات ، هەستکردن بە جوانیەکانی ژن، شاعیر تەنها کۆپی ژنە بینراوەکانی ناو دەقەکانی پێش خۆی ناکاتەوە بەڵکو ئەو جوانیانەی لەسەر ڕووی کەسێك ڕووماڵی کردوون وێنادەکات. ئافرەت لای شاعیر سەرچاوەی گشت جۆرە جوانیەکەو تالەژیاندابووە لەم جوانییە تێر نەبووە، شاعیر بە ئاشکرا باس لە جوانی ژن دەکات باسی ئەو جوانییە دەکات، کە بەچاوی خۆی بینیویەتی.لەدەقێکی دیکەدا دەڵێت:

قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو

گەندەمووی دەموچاو، مەچەک هەڵنەگرتوو (گۆران، ١٣٨٦:٦٥)

((گۆران شاعیری ئافرەت وجوانییە،شاعیری سروشتە،کاتێک باسی ئافرەت وجوانییەکانی دەکات،وەک وێنەکێشێکی لێهاتوو وایەبەرانبەرتابلۆکەی وەستابێت))(عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٤١). لەم شیعرەدا گۆرانی شاعیر باسی لەسێ جۆرجوانی کردووە؛ جوانی سروشت، جوانی کچێک، لەنێو ئەم دووجوانییەشەوە جوانییەکی تری هەمیشەلەیادبووەئەویش کوردستانە، کەلەدوادێڕی ئەم پارچەشیعرەدا بەبێناو ناوی بردووە( پیرەمێرد)ی شاعیر لە بواری خوێندندا بایەخێکی زۆری داوە بەوشیارکردنەوەی ژنان لەڕێگەی خوێندەوارکردنیانەوە، کە بێگومان ئەمەیش کارێکی گرنگ و کاریگەر بووە ، بێگومان بۆ ئەو سەردەمە مەگەر تەنها کەسێکی وەکو پیرەمێرد توانیبێتی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بشکێنێ کە ڕێگر بوون لەبەردەم خوێندەوارکردنی کچان و ژناندا. یەکێك لەتێڕوانینی نوێخوازانەی پیرەمێرد لەم بوارەدا. بایەخدان بوو بە هوشیارکردنەوەی ژنان لە ڕێگەی خوێندەوارکردنیانەوە ، کە بێگومان بۆ ئەو سەردەمە گرنگ و پڕ بایەخ بووە،کەژنان بخوێنن ، چونکە ڕێگری لە ئافرەت کراوە بخوێنن. لەم شیعرەدا دەڵێت :

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن

زینەتی باغ و تەرەقین، ڕەونەقی دەستەی گوڵن

تازە ئێمە تێگەیشتووین دایکی چاکی خوێندەوار

نەسڵی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتە کار (پیرەمێرد، ١٣٩٢:٣٢)

شاعیر لەڕێگەی دەقە شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە، لەلایەك کچان و ژنان مافی خۆیان پێ بدرێت ولەلایەکی دیکەیشەوە هوشیاریان بکاتەوە بەوەی، کە بە چەکی خوێندەواری دەتوانن شوێن پێی خۆیان لەناو خێزان و کۆمەڵگە بکەنەوە و بەرگی دواکەوتووی دابماڵن. هەروەها (ئەحمەد هەردی )یش کە، شیعرەکانی نمونەی باڵان و بەشێکی زۆری شیعرەکانی باسی ژن دەکات : هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

ئەم دڵەی وەك بت پەرستێ روو ئەکاتە چاوەکەت

نوێژ ئەکا بۆ : تیشکی چاو و زوڵفە تێك ئاڵاوەکەت

گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرەو پێڵاوەکەت

قەت بە دڵرەق باست ناکەم ، نایزرێنم : ناوەکەت (هەردی، ١٩٨٤: ٧٠ )

ئەم شیعرەی ئەحمەد هەردی کە نمونەی جوانی خۆشەویستیە بۆ ژن ، لە خۆشەویستی ژندا گەیشتووەتە لوتکەی جوانی هەروەها کە باس لە خۆشەویستیەکەی دەکات و ئەگەر چی دڵرەق بووە بەرامبەری ، وەك لە شیعرەکەدا دیارە ، بەڵام ئەو بە دڵرەق باسی ناکات، هەموو جوانی ئەو شیعرە دەتوانین بڵێین لەوەدایە ، شاعیر کە بە هەستێکی جوانەوە دەڵێت ( نایزرێنم ناوەکەت )

سێیەم: ژن لە ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخدا

شاعیرانی هاوچەرخ باسی ئەو کێشانەیان دەکرد، کە ڕووبەڕووی ژن دەبویەوە و دەبووە کۆسپ لە بەردەمیاندا. هەروەها ئەو دیاردانەی زۆر بڵاوبوون، وەک ژنبەژن و یەکسانیی لەگەڵ پیاواندا. شاعیرانی گروپی ڕوانگەیش جەختیان لەسەر ئازارەکانی ژن دەکردەوە.شاعیری گەورەی کورد(شێرکۆ بێکەس)، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەمیشە پشتگیری ژنی کردووە. هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لەگەڵ پیاودا. هەمیشە هانی ژنی داوە، کە شانبەشانی پیاو کاربکات. بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ باسکردن لە ژن وکێشەکانی ژن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە تەرخانکردوە. هەمیشە جوانترین شیعری بۆ نوسیون. هەروەها ژنی ئاگادارکردوەتەوە لەو مافانەی، کە هەیەتی بۆ نموونە شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا دەڵێت:

خانمەکان!

گوێچکەتان باش!

من جوتێ گوارەی خوشکێکی

قەیرەی ((کامەران))م

((هێشو یەکەم کە لەگەڵت و سپی سپی و

بەلامڵدا وەختێ کە شۆڕ شۆڕ ئەبمەوە

هەتا تیکی سەرشانم

من زۆر کەم ئەچمە دەرەوە و

لەناو قوتووە شینەکەمدا

وەڕس، وەڕس پاڵکەوتووم و

هەر لە ماڵم. (بێکەس، ٢٠١١: ١١٨)

شاعیر لەم شیعرەدا پێمان دەڵێت زۆرن ئەو کچانەی بونەتە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و ئازادیان لێ زەوت کردوە لەناو چوار دیواردا ژیان بەسەر دەبن، هەموو خەون و خەیاڵەکانیان لەگۆڕ دەنێن، لەم دەقەدا باس لە کچی قەیرە دەکات کە دورە لە گرنگی پێدان و نازهەڵگرتن کە چۆن لەلایەکی ئەم نیشتیمانە فرێ دراون. هەروەها شاعیر لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

شەوباش:

من ناوم کراسی ژنانەیە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە

بیکاتە بەری خۆی منم!

ئەم مێژوو نێرە ئەم نیشتیمانی سمێڵە

تەنها جارێ منی نەکردە بەرهەتاوێ

بەر جۆگە ئاوی، بەر شوشە گوڵاوێ

ئەوانەی منیان لە بەرکرد. گسک بوون

مەنجەڵ بوون. تەنەکەی خۆڵ... (بێکەس ،٢٠١١:٣٨)

لێرەدا شاعیر باس لەو ڕەفتارانە دەکات، کەبەرامبەر بەتوخمی (مێ) دەکرێن لەم نیشتیمانەدا، شاعیر لەزۆربەی شیعرەکانیدا لەگەڵ ئەوەدابووە کە بێ جیاوازی لەگەڵ توخمی نێردا بەهەمانشێوە مامەڵە لەگەڵ توخمی "مێ" بکرێت.کە باس لەتوخمی "مێ" دەکرێت لەئەدەبیاتی هاوچەرخدا، ناکرێت ڕۆڵی(قوبادی جەلیزادە) لەبەرچاونەگیرێت، چونکە ئەم شاعیرە توانیویەتی لەنێو شیعرەکانیدا بایەخێکی زۆربە ژن بدات ، جیاواز لە شاعیرانی تر هەمیشە جوانی ژن و کێشەکانی ژن لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. قوبادی شاعیر ، لە شیعرەکانی دا خەریکی ئازاد کردنی جەستە و کۆت و پەیوەندییەکانی و ڕۆڵ و بایەخێکی تەواو بە جەستەی ژن دەدات ، لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت (( قسەکردنی بەردەوام و شیعر نوسین لەسەر جەستەی ژن بە هەموو ئەندامەکانیەوە تەئکیدکردنە لەسەر نرخ و بایەخی جەستەو هەوڵێکە بۆ ڕاهێنانی خەڵك بۆ ڕێزگرتن لە تەواوی جەستە ، شکاندنی پەرژینی ئەو شەرمەیە کە زۆربەی ڕۆح و دەرونی مرۆڤی داگیر کردووە )) (مەولود، ٢٠١٣: ٩٤)، هەروەها لە پارچە شیعرێکدا بە ناو نیشانی ( پرچ ) دەڵێت :-

شەوان بەخۆمی دادەم. ..

نیوەڕۆیان ،

شیعر لە سایەیی دەنوسم

سەری ساڵان ،

بخورەو دایدەگیرسێنم. .. .

کەمەندەو

پێی بە قەڵایان هەڵدەگەڕێم

ئەو دەمەیش گەمارۆ دەدرێم

پەتەو خۆی پێ دەخنکێنم ( جەلیزادە ،٢٠٠٧: ١٥٧)

لەم شیعرەدا جوانیی و ناسکی جەستەی ژن بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، لە میانەی مامەڵکردنی شاعیر لەگەڵ پرچی ژندا ، بە جۆرێك پرچ دەبێتە تیشکی دانەبڕاو لەژیانی پیاودا، ئەو هەموو وەسفەی لەم شیعرەدا دەیبینین حالەتی نامایندەی پرچ و بەکارهێنانی جیاواز لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بەشێکە لە جوانی ژن ، بەشێکە لەو جوانیەی شاعیر لە ژێریدا هەم دەحەسێتەوەو هەم دادەگیرسێت و هەم لە میانەی پرچ دا بەسەر قەڵاکاندا هەڵدەگەڕێت ، لە دوا وێستگەیشدا ئەوە دیسان پرچە دەبێتە پەتی سێدارە و شاعیر خۆی پێدەخنکێنێت. ((ژنانی کورد چەشنی ژنانی دیکەی ڕیفۆرمخواز هەندێجار شەرمنانەو بەترسەوە وشەی خۆی درکاندووەو هەندێجاریش ڕاشکاوانە داکۆکی لەخواستە هیومانستییەکانی کردووەو بۆتە زمانحاڵی هاوڕەگەزەکانی خۆی لەپێناو خەباتکردنی ئازادانەو شکاندنی کۆت وبەندی سەپاوی سەریان)) (حسێن،٢٠١٠: ٩٤)یەکێک لەژنە دیارو بەرچاوەکانی ئەم قۆنەغە(دایکی سۆلاڤ)ە ، ئەم ژنە شاعیرەش بەرهەمەکانی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوسەردەمە بڵاوکردۆتەوەو باس لەکێشەو گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی دەکات((هۆنراوە لای ئەو وەک پێویستییەک لەدایک ئەبێت... پێویستی دەربڕین.. پێویستی ڕاگەیاندنی بانگەوازی مرۆڤپەروەرانەی خۆی بۆگێڕانەوەی مرۆڤایەتی ئافرەت

لەڕێگەی کردنەوەی دەرگاکانی ئازادیی و خوێندەوارییەوە))(سۆلاف، ١٩٨٢: ل٩)، کەواتە بانگەشەی شاعیربۆسەربەستی ژن وخوێندەواریی و نەهێشتنی نەریتەکۆمەڵایەتییەکانە، وەکوژنێک بوێرانە دەست بۆباسکردنی نەریتەکۆمەڵایەتییەکان دەبات و پەردە لەڕووی ڕاستییەکان هەڵدەماڵێ کەچۆن ژن بەنەگبەتی هێنەرو شەرمهێنەری خێزان دانراوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو کۆمەڵگا پیاوسالارەیە، کەدەسەڵاتی ڕەهای بەناوکۆمەڵگادا شۆڕبۆتەوە: لەدەقێکیدا دەڵێت:

گریام گریام

بۆخۆم گریام

چونکە کچ بووم

کە پێچامیان

شەتەل درام

هەموو لێویان هەڵئەقورتاند

لەسوچێکا فڕێدرام

بەبێ ئاهەنگیش ناونرام

سەرەخۆشیان لەباوکم کرد

وتیان باشبوو

دایکی نەمرد (دایکی سۆلاف، ١٩٨٢: ١٦٩)

شاعیر لێرەدا پێمان دەڵێت، لەکۆمەڵگای پیاوسالاریدا ئەوە پیاوانن نرخ وبەها بۆشتەکان دادەنێن و بەمەش پیاو دەسەڵاتی ڕەهای دەبێت و ژنیش دەسەڵاتی بەسەردا دەچەسپێنرێ ودەبێتە ئەوژنەی کۆمەڵگا دەیەوێت نەک خۆی.

"کەژاڵ ئەحمەد" ی شاعیریش لەشیعرەکانیدا لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بەژنان دەدوێت ودەیەوێت لەڕێگەی ئەدەبەوە پەیامی ژنانەیی خۆی بگەیەنێت، زۆرجاریش دژی ئەونەریتەکۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە، کەژنی بێدەنگ کردووە و بێ هیچ بنەمایەک ژنی کردۆتە ژێردەستەی پیاو، لەپارچەشیعری"دژێکی دژ" باس لەبێدەسەڵاتی ژن و مەحکومکردنی ژن دەکات و دەڵێت:

گوڵەکان مەحکومن بەوەی

دڕکەکان دراوسێیان بن

چەند دڵم بۆگوڵ ئەسوتێ

سێبەر بەبێ ئارەزوی خۆی

کراوە بەژنی هەتاو

دڵم بۆسێبەر ئەسوتێ

سواری دەم ولوت پێچراوی

قەترانی شەو

ناهێڵێ کچی ڕوناکی

لەشوێنێکدا ئۆقرە بگرێ (ئەحمەد، ١٩٩٩: ٣٩)

لێرەدا شاعیر بەبەکارهێنانی وشەدژیەکەکان جیاوازی نێوان نێرومێ دەردەخات وئەم دەقەی"کەژاڵ ئەحمەد" گوتاری ژنێکی کوردە، کەبەردەوام بێدەنگ کراوەو لەژێر نەریتی باوی کۆمەڵگادا مەحکوم کراوەو بێ ویستی خۆی خواستی ئەوی تری نێری بەسەردا جێبەجێ کراوە.

## بەشی دووەم: پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا

### پاری یەکەم :پێکهێنەری ناوەڕۆکە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس

ئەدەبیاتی هیچ گەلێک لەهەموقۆناغەمێژوویەکاندا بەیەک ئاست وشێوازبەردەوام نەبووە. هەمیشە گۆڕانکاریی یەکێک بووە لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەدەب بەگشتی. ئەدەبیاتی کوردیش هەمان ڕاستیی گۆڕانکاری دەیگرێتەوە. مەرج نیە هەمیشە گۆڕانکارییەکان ئەدەبیاتی کوردییان بەرەوپێشەوە بردبێت، بەڵکو لە هەندێک قۆناغی مێژوویدا، خامۆشییەکی مەودا درێژ باڵی بەسەر ئەدەبیاتی  کوردیدا کێشاوە. نمونەش بۆ ئەمە ئەو بێدەنگییەی ئەدەبیاتی کوردییە، کەلەدوای (باباتاهیری هەمەدانیی)ەوە هەتاوەکو هاتنی شاعیرانی وەک (مەلای پەرێشان، خانای قوبادی)دا دەبینرێت. بەهەمانشێوە لەدوای ئەمانیشەوە تا هاتنی (مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی)، پاشانیش، تادەگات بەسەرهەڵدانی ئەدەبیاتی قوتابخانەی بابان لەلای (نالی و سالم و کوردی) بەرووونی لەبەرچاوە، لەدوای قوتابخانەی شیعریی بابانەوە بەردەوام ئەدەبیاتی کوردی و بەدیاریکراویش ئەدەبیاتی نوسراو بەردەوام لە گۆڕانکاریی و نوێکردنەوە و داهێناندا بووە. لە (نالی)یەوە تا(حاجی قادری کۆیی) و پاشان بۆ ( ڕەشیدنەجیب وپیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران)، لەدوای ئەمانیشەوە ئەدەبیاتی کوردیی لەسەر دەستی شاعیران و نوسەرانی وەک (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، کاکەمەم بۆتانی، لەتیف هەڵمەت،.......تادەگاتە  بەختیار عەلی)، دەگاتە ئەوپەڕی نوێکردنەوەوداهێنان.

لەم ڕوانگەیەوە ناتوانین باس لە نوێکردنەوە وداهێنان بکەین، ئەگەرباس لەنوسەرێکی دیاری وەک (شێرکۆ بێکەس) لە ئەدەبیاتی کوردیدا نەکرێت، کە دەوترێت داهێنەر بەو واتایەی، کە پرۆسەی داهێنان لە چەندین ڕوانگە و ئاستی جیاوازەوە خۆی دەنوێنێت. ئەم ڕاستییە لە بەشێکی زۆری قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی شیعریی شاعیردا دەبینرێتەوە. بۆنمونە داهێنان

لە زمانی شیعریی و هونەریی و دارشتنی جیاواز و هێنانە ناوەی جۆری جیاوازی نوسین، هەروەها ژانەری جیاواز، نوسینی تایبەت بە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیی و ژیان لەگەڵ ئازار و مەینەتی و نارەحەتیەکانی کۆمەڵگاکەیدا، بوون بە بەشێک لە ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس)، کە ئەمەش بۆ خۆی وەک یەکێک لە مۆرکەکانی داهێنان دەکەوێتە بەرچاو. شێرکۆشاعیرێکە،کە(شاعیرانەوشەکانی زمان هەڵدەبژێرێت وێنەی شیعریی وئیستاتیکای دەق دەڕازێنێتەوە) (عەبدوڵا، ٢٠١٩: ٦٠) دەوڵەمەندی و ناوەڕۆکی شیعریی و مەبەستە شیعریەکان لای (شێرکۆ بێکەس)، بەواتایەکی تر نوسین بۆ چەندین مەبەستی جیاواز بۆ خۆی دەبێت بەیەکێکی دیکە لە خاسێتەکانی داهێنان  لە شیعریی (شێرکۆ بێکەس)دا. هەمیشە (شێرکۆ بێکەس) هەوڵیداوە بە ڕێگەیەکی جیاواز  لە شاعیرانی دیکە شیعر بنوسێت دەستێکی باڵای هەبووە لە شیعرنوسیندا و هەمیشە لە پشت نوسینەکانیەوە هێمایەک هەیە. واتە بە جۆرێکی دیکە شاعیر زمانی شیعرەکانی هێمایی بوون، کە ئەوانیش هێمای(ئازادیی، سروشت، ژن، نیشتیمان)، پێکهێنەری ناوەڕۆکی شیعرەکانی (شێرکۆ)بوون.

### یەکەم: سروشت

سروشت وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەر لەشیعری زۆربەی شاعیراندا ئامادەیی بەرچاوی هەیە. بەم پێیە سروشت و پێکهێنەرەکانی ناوی، دەبن بە یەکێک لەڕەگەزە زیندووەکانی ناونوسین وبەدیاریکراوی شیعری (شێرکۆ بێکەس) شاعیرسروشتی وەک یەکێک لەپێکهێنەری ناوەڕۆکەشیعرەکانی بەکارهێناوە.سروشت  وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامی شاعیردەرکەوتووە. تەنانەت سێگۆشەی (ژن، سروشت، ئازادیی) وەک ڕەگەزە بنەڕەتییەکان لە دونیابینیی شاعیردا بەکارهێنراون. بۆ ئەمەش دەتوانرێت چەندین نمونەی شیعریی شاعیر بهێنرێنەوە، کە سروشت تیایاندا پێکهێنەری سەرەکییە، لەوانەیش (ڕووبار، نسێ، ژن و باران، کورسی). لەخوارەوە نمونەیەک لەو شیعرانەی شاعیر، کە سەرتاپای ناوەڕۆکی شیعرەکە بە دەوری ڕەگەزی سروشتدا دەخولێتەوە، دەخرێتەڕوو:

بێ کۆتایی

گوێم گرت لە... شاخ

باسی زەریای بۆ ئەکردم.

زەریا.. پەخشانی پێدەشتی

خوێندەوە بۆم.

سروشت. داستانی هۆنراوەی

سەرشانۆی ئادەمیزادی پیشاندام!

کاتێکیش گوێم لە زەمین گرت!

باسی"گەردون"ی بۆکردم!

نهێنییەکان: دەیان ژەنیم

وەک منداڵ خەویان لێخستم!

ئەی سنوری بێ کۆتایی

کەی ئەتگەمێ؟! (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٨٥)

شاعیر لە وشەکانی (شاخ، زەریا، پێدەشت، زەمین، گەردون) سوودی وەرگرتووە، کە دەتوانین بڵێین بیرۆکەی تەواوی شیعرەکە و ئەو مەبەستەشی، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ هەر هەموویان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سروشتی بەکارهێناوە سەرەڕای دەسەڵاتی زۆری شاعیر لەشیعردا، کەچی هێشتایش سروشت و گەردون هێندە بەرفراوانن، کە نەیتوانیوە پەی بە هەموو نەهێنییەکانیان بەرێت. ئەمەش دەبێتە باشترین نمونەی ئامادەیی سروشت لە ناوەڕۆکە شیعرەکانی شاعیردا.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر باسی ئەندامەکانی جەستەی خۆی و تەواوی بوونی ژیانی پەیوەستی سروشت و پێکهێنەرەکانی ناو سروشت دەکات وەک لە شیعری (بەهارە شیعرێک)دا دەڵێت:

وەکو درەختێکی تەنیای

بەر زەردەپەڕ

لە پاڵ دەوەنی گردێکدا

ڕاوەستاوم

سەر و مل تا ناوقەدم

لەبەر هەتاو

قاچ و قول و تا ژوور ئەژنۆ

نوقمی سێبەر

بەرامبەرم

کێوی بەردینی گەردن لوس

وەک دیواری شوشەی شینباو

ڕێک هەڵکشاو... (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٧٧)

وەک دەبینرێت شاعیر ئاوێتە بونێک لە نێوان خۆی و جەستەی خۆی وسروشتی چواردەوریدا دروستدەکات. هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک (لێکچواندن، خواستن)، لە نێوان جەستەی خۆی و درەختێکدا دروستدەکات بەم شێوەیە سروشت وەک یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بونیادی دەقی شیعریی لای شاعیر دەردەکەوێت.

(شێرکۆ بێکەس) یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە سروشتی جوانی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە لەناو شیعرەکانیدا شاعیر زۆرجار جوانی ژنی

چواندوە بە جوانی سروشت. بۆنمونە لە شیعرێکیدا زۆر بە جوانی باسیکردووە و دەڵێت:

لە پەپولەی ناو باخەوە

بۆ گوڵاڵەی کەژ و نزار

لە هەنگە زەردەی شاخەوە

بۆ سەر گەڵا و بۆ گوێ ڕووبار. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٤)

لێرەدا شاعیر باس لە سروشت دەکات باس لە باخچەی جوان و پرلەگوڵ و پەپولەکان دەکات. لەبەشێکی دیکەی شیعرەکەدا دەڵێت:

لەجوانی بێ ناوەوە!

بۆ شۆخ و شەنگی دەرکەوتوو

لە وەنەوشەی خزاوەوە

بۆ گوڵە باخی سەرکەوتوو. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ :٥٤)

لێرەدا شاعیر باس لە جوانی ژن دەکات وە چواندوێتی بە سروشت و گوڵ، کە ئەوەندە جوان و شۆخ و شەنگە وەک گوڵە باخە.

## دووەم: ئازادیی

لەدوای جەنگە جیهانییەکانەوە و دابەشبونەوەی نەخشەی جوگرافیای دونیا و بە دیاریکراویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلانی ناوچەکە وایانکرد، کە گەلانی ژێردەست و داگیرکراو بیر لە ئازادیی و سەربەخۆی بکەنەوە. گەلی کوردیش وەک پێکهێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکراو، بێگومان بیر لە ئازادیی و سەربەخۆیی دەکاتەوە. (شێرکۆ بێکەس)، کەنەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمە، لەبەرئەوەی بەدیاریکراوی لە ١٩٤٠ز لەدایکدەبێت، پاشانیش هەر لە بارودۆخێکی لەو شێوەدا دەستدەکات بە شیعر نوسین. ئاشکرایە، کە هەمیشە ڕوداو و بیرکردنەوەکانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی نوسین و ڕۆشنبیری دەبێت. (شێرکۆ بێکەس)یش، هەمیشە بارگاوی و کاریگەر بووە بەو ڕوداوانەی لەناو کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەیدا ڕویانداوە. هەربۆیە ئازادیی و بیرۆکەی ئازادی دەبن بە هەوێنی بەشێک لە شیعرەکانی، نەک بەشێکی ئاسایی و چەند دانەیەک لە شیعرەکانی بەڵکو ئازادیی و بیرکردنەوەی ئازاد و مرۆڤی ئازاد، ژیانێکی ئازاد، ئەو فەلسەفانەبوون، کە (شێرکۆ بێکەس) هەمیشە پێی لەسەردادەگرت و جەختی لەسەر دەکردەوە. هەربۆیە لە زۆرێک لە گۆڕانکاریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کوردیدا ڕاستەوخۆ بەشداری دەبێت و ئازادیی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت هەموو دونیا دەخوازێت. هەربۆیە شیعر بۆ منالێکی ئەفریقی و گەلی فەلەستین و گەلانی ئەمریکای باشوور دەنوسێت. تەنانەت لەو سەردەمەی ژیانیدا، کە ڕوو لە شاخ دەکات و تێکەڵی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان دەبێت. هێشتایش بە هەمان ڕوانین و مەبەستی ئازادیەوە ئەم کارە دەکات. هەر وەک چۆن خۆی دەڵێت:

لەناو هەناوی هەورەوە

مژدەی سەوز دائەباری

لەناو چاوی کانیەوە

ئاوی ژیان هەڵئەقوڵی

لەناو دەروونی شاخەوە

مەلی بەربەیان هەڵئەفڕی

لەناو برینی کێڵگەوە

گوڵەگەنم ئەهاتەدەر

لەناو لولەی چەکیشەوە

ڕێی ئازادیی. (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٧٣)

وەک دەبینرێت شاعیر تەنانەت چەک و ئامێرەکانی جەنگیش هەر لە پێناوی ئازادی و ڕێی ئازادیدا بەکاردەبات. بەو واتایەیی بڕوای بەوە هەیە، کە بۆ بەدەستخستنی ئازادیی، پێویستە تا ڕادەی بەکارهێنانی چەکیش سڵنەکەینەوە. بەهەمان شێوەی(مژدەی سور، ئاوی ژیان، مەلی بەربەیان، گوڵەگەنم)، ئازادیش هەمان واتای جوان و گرنگی لەلای (شێرکۆ بێکەس)هەیە.

شاعیر بەجۆرێک بڕوای بە ئازادی هەیە، تەنانەت لە هەندێ دەقدا بەشێک لە جوانییەکانی دیکەش بە قوربانی ئازادیی دەکات. بۆنمونە (گوڵ، ژن، ژیان، مۆسیقا، شیعر). تەنانەت بوونی هەموو ئەمانەیش لە پێش ئازادییەوە بە گرنگ و پێویست نازانێت و هەموویان دەخاتە خزمەت ئازادیەوە. هەروەک لە دەق(پرسیار)دا دەڵێت:

که مرۆڤ نەبوو... گوڵ چییە.

چەندە جوان بێ و

چەندە بۆن خۆشیش!

کە ژن نەبوو... ژیان چییە

بە هەزار ساڵیش من بژیم!

کە ماڵ مۆسیقای تیانەبوو

ئیتر گوێ بۆ ئەبێ هەبێ!

کە شیعرێک ناخ نەبزوێنێ و

لەناو زەینا

چرای خۆی دانەگیرسێنێ و

ناوبەناو داتنەچڵەکێنێ

تۆ پێم ناڵێی بۆ بنوسرێ

کە ئازادیش نەبوو ئیتر

گوڵ یەعنی چی و

شیعر چیە و

ژیان خۆی چی (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٨٣-١٨٤)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە شاعیر مرۆڤ و چەمکی ئازادیی بەیەکەوە گرێدەدات و وەک یەک بوون لە قەڵەمیان دەدات. هەربۆیە بەلای شاعیرەوە، ئازادیی، لە یەکەم هەنگاوی دوای مرۆڤ بوونەوە دەستپێدەکات.

هەروەها لەشیعرێکدا سەرجەمی بۆنەکانی گەلەکەی خۆی بەتەواوی پیرۆزییەکانیشەوە دەخاتە دوای ئازادیی مرۆڤەوە. هەروەک دەڵێت:

پێش ئاڵا خۆی

من ئازادیی ڕەنگەکانی ئاڵام ئەوێ!

بەر لە سرود

من سەربەستیی وشەکانی ناویم ئەوێ!

بەر لە ڕادیۆ

من ڕزگاریی هەموو دەنگەکانم ئەوێ!


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەر لە تیڤی

من سەربەخۆیی تەواوی جوگرافیای

هەموو چاوەکانم ئەوێ! (دیوانی تەون، ٢٠٠٩: ١٨٧)

لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

ئێوە ئەتوانن شیعرمان دەربەدەرکەن

ماڵەکانمان بدەن بە کۆڵی دووکەڵ و دەبابەدا و

بەکۆمەڵ بیانگوێزنەوە!

ئێوە ئەتوانن ئازارمان

لە پێکەنینی خۆتاندا بتوێننەوە!

ئەتوانن و ئەتوانن ئەتوانن و...

بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگە بۆرەکەی

یەکەمەوە، نەهاتە دی و نایشیەتە دی

ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ:

سرینەوەی ئازادییە لە ڕۆحماندا (دیوانی تەون ، ٢٠٠٩: ٥١)

لێرەدا شاعیر باس لە زەوتکردنی ئازادیی دەکات لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە دەسەڵاتداران دەتوانن دەست وەربدەنە نوسینی شیعری شاعیرەکان. واتە ناهێڵن بە ئازادی خۆیان بنوسن. سەرجەمی ژیان و خەون و ئاواتی دونیایی ئەم گەلە ژێرپێبخەن و لە جوگرافیای ژیانکردنمان بگوازنەوە، وەک چۆن لە پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباراندا، بەسەر گەلی کوردیاندا هێنا. هەروەها دەشتوانن ئێمە بکەن بە کەرەستە و هۆکاری خۆشی و پێکەنین و چێژەکانتان، بە گریانمان، بە ئازار و ڕەنج و ژیانکردنمان، بە بونمان.... پێبکەنن. هەموو ئەوەی، کە بە خەیاڵتاندا دێت، دەتوانن بەرامبەرمان ئەنجامیبدەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ئەو ئازادیەمان لێبستێننەوە، کە لە ڕۆحماندا پەنگیخواردووەتەوە. چونکە ئازادیی، بەشێک لە باوەڕی ئێمە پێکدەهێنێت، ئازادییە کۆتا هیوای ژیان بە ئێمە دەبەخشێت. بەبێ هەموو بوونەکانی دیکە دەتوانین بژین، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەبێ بوونی ئەو هەستی ئازادییەی، کە لە ڕۆحماندایە و ئێوەیش هەرگیز دەستتان پێی ناگات، ناتوانین بژین.

## سێیەم: ژن

بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، هیچ کاتێک نەبووە، کە توخمی مێینە بەشێکی گرنگی لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێکنەهێنابێت. نوسەران، ئەدیب و شاعیر و ڕۆماننوسان، هەمیشە بەشێکی گرنگی دەقەکانیان بۆ ناساندن و گوزارشتکردن لە ژن و جوانییەکانی، نەهامەتی و بەدبەختی و ئازار و جیاکارییەکانی ژن تایبەت و تەرخانکردوە. بەم شێوەیە بە درێژایی قۆناغە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی کوردی، هەمیشە ژن لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئامادەیی هەبووە، چ وەک نوسەرانی ژن بێت یاخود ئەو دەقانەی، کە گوزارشتیان لە تایبەتێتییەکانی ژن کردوە، ئەگەر لەسەر زمانی پیاوانیشەوە نوسرابێت. (شێرکۆ بێکەس)یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە کەم دیوانی شیعریی هەیە دەقێک یان چەند دەقێکی تایبەت بە ژن و ڕوانگە جیاوازەکانی ژنی تێدا نەبێت. ئەگەر چاوێک بە دیوانەکانیدا بخشێنرێت بەردەوام ژن بە تەواوی پێکهێنەرەکانیەوە، چ وەک جوانیی بێت یاخود خۆشەویست، نوسینەوەی ئازارەکانی ژن، ژن وەک پێکهێنەری کۆمەڵگا، دایک، خوشک، غەدرلێکراو، بەبچوک بینین، لە ڕوانگەی ئاینەوە و.... هتد. ژن بەم ناوەڕۆکانەوە ئامادەیی هەمیشەی هەیە. تەنانەت لەو دەقانەشدا، کە بۆ نەهامەتی گەلەکەی نوسیون، زۆرترین جەختکردنەوەکانی هەر سەبارەت بە ژنە لەو ڕووداوانەدا. بۆنموونە لە دیوانی(دەربەندی پەپولە)دا، کە سەرجەمی دیوانەکە تایبەتە بە کارەساتەکانی (کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال)، کەچی شاعیر لەوێشدا دەیەوێت نەهامەتییەکان لە دیمەنی مێینەیەکدا

بنوێنێت، هەروەک دەڵێت:

ئەوە خەزانی باڵای سەحەرە

ئەوە دەنکە ملوانکەی خەونەکانی سەحەرە

ئەوە دەست و ئەوە پەنجە و ئەوە مەمکی

بەجێماوی سەحەرە

ئەوە قیژەی مرواری سەحەرە

ئەوە خۆڵەمێشی ماڵەبابی سەحەرە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ١٤)

جارێکی دیکە شیعر بۆ ژن وەک (دایک)دەنوسێت، وەک دەڵێت:

(دایک)

دایکم لە شۆڕەبی پایز رووتەڵەتر...

لە تاق تاقکەر تەنیاتر...

لە پەرەسێلکە هەژار تر...

دایکی منە

دایکم تاریکەشەو کراسێکی دایە

گەڵا ڕیزان لەبەری کرد. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٢٣)

لەڕاستیدا ژن هەوێنی بەشێکی زۆری شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس)پێکدەهێنێت. ئەمەش لە بڕوای تەواوی (شێرکۆ بێکەس)ەوە دێت بە ژن و دۆزە هەمەجۆرەکانی ژن بوون، کە لە بڕوای(شێرکۆ بێکەس)دا، ژنبوون لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەختە و بەردەوام لەژێر چەپۆکی نێر و بیرکردنەوە چەوتەکانی کۆمەڵگادایە، کەچی(شێرکۆ) وەک نوسەرێکی ڕاستەقینە، ئەم سەرنجە باوانەی کۆمەڵگا دەخاتەبەر چەپۆکی ڕەخنە و هەمیشە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە(ژن و پیاوەوە)ی داوە، کە زیاتر لە ڕوانگەی جوانییەکانەوە(بەتایبەتی جوانیەکانی ژن)ەوە دونیا ببینن. هەروەک چۆن خۆی لەم دەقەدا ژن و خۆشەویستیی ژن وەک ئیلهامبەخش بۆ دەقەکانی خۆی دەبینێت:

وەختێ زانیم

من ناتوانم

شتێکی تازە بنوسم

ئەوسا ئیتر وەک گڵۆپێک

لەناو سەرما

ناوەکەت دائەگیرسێنم و

لەبەر عەشقێکی ڕووناکدا

ئەڤینت باشتر ئەبینم و

قەسیدەی جوانتر ئەنوسم (دیوانی تەون، ٢٠٠٩: ١٧١)

هەروەها لە دەقێکی دیکەدا بە ناونیشانی (بێ تۆ)، باس لەوە دەکات، کە بەبێ ژن ناتوانێت شیعر بنوسێت. وەک دەڵێت(بێ چاوی تۆ، چاوی شیعرم کوێرە)، واتە ژن سەرچاوە و ئیلهامی شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس)بووە.

بێ تۆ

وەک چۆن ئاسمان بێ ئەستێرە، یان بەهار بێ گوڵ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەم کوێر ئەبێ و ئەو جوانەمەرگ، ئەچێتە ژێر گڵ!

بێ چاوی تۆش، چاوی شیعرم، کوێرە و ڕێ نەبین

بێ لێوی تۆ، ئازیزەکەم، بەهار و گوڵ ...چین؟!. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦: ٨٢)

## پاری دووەم: ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی(ڕەنگدان)دا

هەمیشە چەند پایە و ڕەگەزێک هەن وەک بنەڕەتەکانی نوسین لەلای نوسەر یاخود شاعیران دەبینرێن. ئەو ڕەگەزانە لە بڕوای بنەڕەتیی نوسەر یاخود شاعیرەکەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نمونە (ژن) لای (شێرکۆ بێکەس)، یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی نوسین. بۆیە زۆر بەکەمی دیوانێکی شاعیر دەبینرێت، کە ژن یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی پێکنەهێنابێت. بۆیە (شێرکۆ بێکەس)، لە بڕوای قوڵی خۆیەوە شیعر بۆ ژن و بارودۆخە تایبەتەکانی ژنبوون دەنوسێت. بەلای شێرکۆ بێکەسەوە بەشێک لە جوانی و (ئەگەر نەڵێین هەموو جوانی) و نرخی ژیان و ئاشتی و خۆشەویستی و ئازادی، تەنانەت مێژوو، کلتور....هتد بە ژنەوە دەبەستێتەوە.

ئەگەر ئەمە بڕوای بنەڕەتی(شێرکۆ بێکەس)بێت بە ژن و ژیانی ژن و چۆنیەتی ڕوانینی ئەوانی دیکە لە ژن و ئەم بیرەش لە تەواوی نوسینەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە (وەک لە پارەکانی پێشوتردا خرایەڕوو)، ئەوا لە نوسینی ئەو دەقانەیدا، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆ ژن نوسراون، بێگومان ژن ئامادەییەکی فراوانتری لەو دەقانەدا دەبێت و ڕەنگدەداتەوە. هەرکام لە دیوانەکانی (ڕەنگدان) و (ملوانکە)، بە ڕێژەیەکی زۆر ژن وەک بەشێک لە بنچینە پێکهێنەرەکانی ئەو دیوانانە دەبینرێت. ئەوەی لەم پارەدا گرنگە تیشکی بخرێتەسەر، ئەو ڕوانینە جیاوازانەی شاعیرە، کە سەرنجی بۆ ژن لە دیوانی (ڕەنگدان)دا دەنوێنن. شاعیر لەم دیوانەدا لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە ڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ژن بەیان دەکات هەروەک خۆی دەڵێت:

من ناوم(کوێستان)ە

ژنێکی کەلاریم

بەرێکەوت، هەربەناو، ((کوێستان))م

ئەگینا من پڕم لە گڕە و

ئەگینا من باوکم لە خێڵی پەنگرە و

من دایکم لە هۆزی ژیلەمۆ و سوتانە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ : ٢٨٨ – ٢٨٩)

لێرەدا شاعیر ئەو جۆرە لە مێینە بوون پێناسە دەکات، کە لە کلتور و کۆمەڵگاکەیدا تەنها ناوەکانیان بۆ دەمێنێتەوە و ئەگینا تەواوی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان بە دنیایەک ئازار و دەردەسەری دەورەدراوە. هەربۆیە (کوێستان)، کە وەک ناو، گوزارشتە لە ناوێکی سەرنجڕاکێش و جێگەیەکی سەوزایی و پڕ لە هەستی ژیاندۆستی، لە کاتێکدا ئەوانەی لە ژیانی کوێستاندا هەن (گڕ، پەنگر، ژیلەمۆ و سوتان)ن. ئەمە ژیانی ڕاستەقینەی یەکێک لە نوێنەرەکانی ژن و مێینەیە لە کلتور و کۆمەڵگای(شێرکۆ بێکەس)دا. ئەگەر زیاتریش بڕۆین ئەمە بیرکردنەوە و ڕوانینی شاعیر دەخاتەڕوو سەبارەت بە مێینە، لە ڕاستیدا سەرجەمی توخمی دووەم واتە (مێینە) لەلای (شێرکۆ بێکەس)، وەک باشترین نمونەی نەفرەتلێکراو دەردەکەوێت. هەروەک چۆن لە بەشێکی دیکەی دیوانی(ڕەنگدان)دا دەڵێت:

توخمی من، لەم ناوە، هەر ئەڵێی تریفەی ژێر هەوری

مانگێکی ترساوە

توخمی من

لاسکە گیایی ژێر پێیەو

هەمیشە و هەمیشە

ئاوێکی گریاوە

ئەوەتەی لە بیرمە خەنجەری سمێڵدار

مۆڕەی دێ و نەڕەی دێ و

هەر بە ژوور سەرمەوە وەستاوە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ :٢٨٩)

ئەگەر سەرنج لەم دەقەبدەین دەبینرێت شاعیر سەرجەمی دەسەڵاتی شیعریی خۆی لەوپێناوەدا خستۆتەکار، کەڕوانینە تایبەتەکانی خۆی سەبارەت بە توخمی مێینە لە کۆمەڵگاکەیدا بخاتەڕوو، کە هەروەك چۆن ئەم توخمە دەچوێنێت بە(تریفەی ژێر هەوری مانگێکی ترساو )، لێرەدا شاعیر جوانیی ئەم توخمە بەراورد دەکات بە (تریفەی مانگ )، بەڵام کام (مانگ)ە؟ (مانگێکی ترساو). یاخود توخمی مێینە وەك (لاسکەگیای ژێرپێ) دەبینرێت، کەهیچ کات پێیەکان وەك جوانییەك، لاسکەگیاکان نابینین بەڵام هەمیشە دەیانپلیشێننەوە. لە ڕاستیدا دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی ناو دیوانی (ڕەنگدان)یش، هەر لەپێناو گوزارشتکردنن لە نەهامەتییەکانی توخمی مێینە. بۆ نمونە (مانگی ترساو، لاسکە گیای ژێرپێ، ئاوی گریاو، خەنجەری سمێڵدار، ڕوخسارم نانێکی سوتاوە، تۆڕی پیاوان، هێلکەی پیس....هتد). سەرجەمیان وەک وێنەی هونەریی و دەسەڵاتی شاعیر دەبینرێن بۆ گوزارشتکردن لە دۆخی ژن بوون.

خوێنی مێینەیەک نوسیی

بەگەورەی ئاوای نوسیی:

ڕۆژەکانم هەریەک ڕەنگە و

شەقامەکان هەریەک ڕەنگە و

سمێڵەکان هەریەک ڕەنگە

قانونەکان هەریەک ڕەنگە و

ئەوەی لە وڵاتی مندا ڕەنگاوڕەنگە

ئامێرەکانی کوشتنمە و ڕەنگی مەرگە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٦ : ٣٥٧)

لەکلتورو کۆمەڵگایەکدا، کە بەهای ئینسان و جوانیی ڕەنگەکان فەرامۆشکراوە، هەربۆیە زۆر ئاساییە، کە توخمێکی وەك مێیینە، ژیانی سەرتاپا لەو ڕەنگە پێکهاتبێت، کە کلتور و ئەوانی دیکە بۆی دیاریدەکەن. (شێرکۆ) زۆر باش درکی بەم ڕاستیە کردووە و کردویەتی بە هەوێنی بەشێکی زۆر لە شیعر و وێنە هونەریەکانی. ئەگەر سەرنجی ئەو بەشانەی دیوانەکەیش بدەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر ئەم دیاردەیەی وەك دەنگێکی زاڵ لە ڕەنگداندا بە دیارخستووە. هەربۆیە (ڕۆژ، شەقام، سمێڵ، قانون)، هەر هەموویان یەک ئامانج دەپێکن، کە ئەویش پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی توخمی مێینەیە، تا لە کۆتایدا کوشتنێکی ڕەنگاوڕەنگ ئامێزیان بۆ دەکاتەوە. لە دەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

ڕەنگ قفڵەکەن..

نە بادا ڕەنگێکی جیاواز

لە پرێکدا بێتە ژووری!.

ڕەنگ ئەفرێنن... نە بادا سری ڕەنگێکی

تازەی لابێ و بیدرکێنێ.

ڕەنگ کەڕ ئەکەن...نەبادا گوێ لە زەنگی ڕەنگێکی تر بێ و ڕاپەڕێ!

ڕەنگ لاڵ ئەکەن.. بۆئەوەی ڕەنگ هەر هیچ نەڵێ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەردەوامیش هەر لە شەودا ڕەنگ ئەکوژن

بۆ ئەوەی کەس ڕەنگی بکوژ و تاوانبار قەت نەبینێ! (دیوانی شێرکۆ بێکەس ، ۲۰۰٦: ۳٥۲)

لەم شیعرەدا شاعیر باس لە ڕەنگی زیندانی کراوان و ڕەنگی ژنی شار بە دەرکراوان و زوڵمی ڕەنگ و هەروەها خۆشەویستی و قوربانی و نەهێشتنی ڕەنگاڵەیی و فرەیی ڕەنگەکان، کە ئەمەیش بەشێوەیەکی هونەرییانە، ئاماژەیە بۆ ئەو سەرکوتی و نادادییەی، کە لە کۆمەڵگاکەیدا بەرامبەر ژنان و توخمی بەرامبەر نێرینە دەکرێت. لەڕاستیدا خواستنی وشەی ڕەنگ و تەنانەت ناونانی دیوانەکەیشی بە (ڕەنگدان)، دەشێت لەو ڕاستییەوە بێت، کە شێرکۆ بێکەس درکی بەوە کردووە، کە ژنان زیاتر سەروکاریان لەگەڵ ڕەنگ و جیاوازییەکان و ناسینەوەی ڕەنگە جیاوازەکان و ئەو ڕەنگاڵەییەی، کە لە ژیانی ژناندا هەیە. هەر بۆیە دیوانەکەی و سەرتاپای دیوانی (ڕەنگدان)یش، لە خزمەت ئەو بیرەدا بێت، کە شێرکۆ مەبەستییەتی. بەو واتایەی، کە خواستنی وشەی (ڕەنگ)، لە سەرتاپای دیوانەکەدا، بەشێوەیەکی هونەرییانە و ڕەوانبێژییانە، لەبری ژن و وەک خواستنێک بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنرابێت.

ڕۆژەکانی ڕەنگی بێ ژن....

لە پەڕە پەڕەی دەفتەری هەڵوەشاو و

شەوەکانی ڕەنگی بێژن... لە پرتە پرتی فانۆزێ

لە بەردەمی گژە باداو...

لە تەنیایی قەڵەم پاندانێکیش ئەچوو..

مرەکەبی تیانەمابێ و هیچ نەنوسێ. (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ۲۰۰٦ : ۳۰٦-۳۰۷)

لەڕاستیدا لەلای شاعیر ڕۆژەکانی ژیانی مرۆڤایەتی چونکە خۆیان هەمەڕەنگ و هەمەجۆرن، ئەوا هیچ کات بەبێ مێینە یاخود ژن ناتوانن ڕۆژێکی تەواو بۆ مرۆڤ دەستەبەرکەن. بەم پێیە بەلای شاعیرەوە ڕۆژ و شەو هەردوو تاریکن لەبەر ئەوەی ژنیان تێدانیە. هەروەها هەرچەندە قەڵەم و پاندان، ئیشی یەکەمیان نوسینە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا، کە بۆ ژن نەنوسن یاخود لەپێناوی ژندا نەنوسن، ئەوا وەك و ئەوە وایە هیچ مرەکەبی تێدا نەبێت و بێ ڕەنگ بێت و هیچ وشەیەکی لێنەیەتە دەرەوە. بەم جۆرە تەواوی ژیان و بوون بەلای شاعیرەوە، وەك ڕەنگاڵەییەکەی خۆی، پێویستە گوزارشت لە ژن بکات، پێیوایە گەر ژن نەبێت ژیانیش نییە. هەروەك خۆی دەڵێت نەبوونی ژن وەك (قەڵەمێکی بێ مرەکەب و پەڕەی دەفتەری هەڵوەشاوە و پرتە پرتی فانۆزێ لەبەردەم کزەبا)دا دەچێت. کەواتە سەرنجامی فانۆسێکی بەر باش کوژانەوەیە، کوژانەوەش بە واتای ناخۆشی و خراپی و تاریکی دێت، کە بەلای شاعیرەوە ئەگەر بێت و ژیانێك ژنی تێدانەبێت ئەوا سەرئەنجامەکەی هەر کوژانەوە و تاریکی دەبێت.

## پاری سێیەم: ئامادەیی ژن و ڕەنگدانەوەی لە دیوانی(ملوانکە)دا

مێینە وەک پێکهێنەرێکی سروشت و بوون بە چەندین لایەن و بواری جیاواز هەم خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات هەم ئەوانی دیکەش بە پێی ئەو ڕوانینە یان بۆی گوزارشتی لێدەکەن هەربۆیە جارێک وەک دایک جارێکیش وەک خوشک و جارێکیش وەک خۆشەویست و لە کۆتاییشدا وەک توخمی بەرامبەر دەخرێتەڕوو سەرتاپای هەموو ئەمانەش وێنای مێینە لە کۆمەڵگایەکدا دەنوێنن. نوسەران و شاعیرانیش بە خواستن لەو وێنایە بیر و ڕاو سەرنجەکانی خۆیان سەبارەت بە توخمی مێینە دەنوسنەوە تەنانەت هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش باسدەکەن کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیان بە سروشتی ژیان و بوونی مێینەوە هەیە بۆ نمونە(جوانی سروشت، خۆشەویستی، یەکسانی.... هتد) ئەو ڕەگەزانەن کە دەوری ژیانی مرۆڤایەتی و مێینەیان داوە(شێرکۆ بێکەس)لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی گرنگیەکی یەکجار بەرزی بەهەموو ئەم لایەنەداوە هەندێکجار دووان یان زیاتر لەمانەیش کۆدەکاتەوە و لەپێناو مەبەستی تایبەتی خۆیدا و گوزارشتیان لێدەکات وەک لەم دەقەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

خەوتووە. خانمی پایزە. خەوتووە مانگی زیز.

خەوتووە و توێژاڵێ لە تەمیش نیشتۆتەسەر پێڵوی.

خەوی خێر. ئەی پەری!. خەوی خۆش ئەی ئازیز!.

دەتوخوا بابنووێ و هیچ نەبێ لە خەویا ئازادی ببینێ.

دەتوخوا لێیگەڕێن، با دووربێ لە چاوی باوکی خۆی.

با دووربێ لەوماڵەوە، لە تانەو دارکاریی برای خۆی

خەوتووە خانمی پایزە. خەوتووە مانگی زیز.

خەوی خێر. بۆ پەری.خەوی خۆش بۆ ئازیز. (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٧ )

کۆکردنەوەی هەرکام لە (خانم و خەون و پایز) لە پێناوی مەبەستە سەرەکییەکەی شاعیردا، کە ئەویش ئازادیە بەهایەك بە دەقەکە دەبەخشێت و خوێنەر بەرەو ئەو تێگەشتنە کێش دەکات کە لە ڕاستیدا ئەوە هەر لەخەوندایە، کە مێینە ئازاد بژی ئازاد بیربکەنەوە هەربۆیە شاعیر داواکارە ئەم مافەش لە مێینە نەسەنرێتەوە، کە هیچ نەبێت با لە خەوندا ئەزموونی ئەو ژیانە بکەن کە شایستەیانە لەم دەقەدا هەرچەندە شاعیر بە کۆمەڵێ وێنەی جوان مەبەست و سەرنجەکانی خۆی دەربارەی مێیینە و ژیانی مێینە خستۆتەڕوو، بەڵام هێشتایش هیچ لەو ڕاستیە کەم نابێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ژن و مێیینە لە دیوانەکەدا بە جۆرێکە کە بەشێکی زۆر لە نەهامەتیەکانی ژنی تێداڕەنگداوەتەوە بەم شێوەیە (شێرکۆ بێکەس) لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لە(ملوانکە)دا گوزارشتی لە ژن کردووە بیروڕاکانیشی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی ژنە لە کۆمەڵگای کوردیدا. ملوانکە کەلە کۆمەڵگای کوردیدا وەك یەکێك لە هۆکارەکانی جوانکاری و ڕازاندنەوە بۆ ژنان بەکاردەهێنرێت (شێرکۆ) دەیەوێت لەملوانکەیەکەوە سەرگوزەشتەی ژن بوون لەکۆمەڵگاکەیدا بخاتەڕوو هەربۆیە لەتەواوی دیوانەکەدا ملوانکە بەکارهێنراوە بۆ خستنەڕووی مەبەستەکانی شاعیر، لەژیاندا هەمیشە پیاو و ژن وەک دوو جەمسەری تەواوکەری ژیان بوونیان هەیە، بەڵام ژن لە ڕوانگەی(شێرکۆ بێکەس)ەوە، بە جۆرێک لە دیوانەکەدا خراوەتەڕوو کە هەمیشە ڕیزبەندی دووەمی لە کۆمەڵگای کوردیدا پێبەخشراوە لە ڕاستیدا دووەمێکی خراپیش وەک خۆی دەڵێت:

لێرە بۆ پیاوەتی خەوشە

لەهیچ بۆنەیەکدا لە چوونە ژوورەوەدا

لە هاتنە دەرەوەدا

ژن پێش خۆی بخات

تەنها لە یەک وەختا نەبێت

کە ئەم بە دار ڕاوی بنێ و

ئەویش لە پێشیەوە ڕاکات! (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٢)

وەک دەبینرێت شاعیر بەوجۆرە کۆمەڵگاکەی خۆی دەخاتەڕوو، کە هەمیشە ژن تێیدا لە پلەیەکی خوارترەوەیە و تەنانەت لە چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوەشدا هەمیشە دەبێت وەک ئەو مرۆڤە پلە دووە لە ژن بڕوانرێت، کە هیچ مافێکی لە پێش پیاوەوە نەبێت مەگەر تەنها لەو کاتانەدا بێت کە لە ڕەنج و ئازاردا پێش پیاو بکەوێت.

لە ئاسماندا عەقڵی نوقسانە مانگە شەو

چونکە مێیە

لەسەر زەوی عەقڵی نوقسانە وەنەوشەیی

چونکە: مێیە

لە دەنگا عەقڵی نوقسانە کزەبا

چونکە مێیە

بەڵام لەناو دەنگ و ڕەنگ و بۆنی شمشێر و

شیر و ڕم و مەنجیق و خوێندا

هەر هەموویان عەقڵیان ساغە و

تەواو تەواو

چونکە نێرن. (دیوانی ملوانکە ، ٢٠٠٧: ٨٤)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە ڕەگەزی مێ دەكات كە چۆن بەكەم سەیردەكرێن لەناو كۆمەڵگادا لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ڕەگەزی مێ عەقڵی بە كەم یان ناتەواو دادەنرێت، بەڵام پیاوبە پێچەوانەوە لە هەموو بوارەكاندا عەقڵی بەساغ و تەواو كامڵ دادەنرێت. ئەم جیاوازیە زۆرەی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزە دایە بە هۆی بەكەم سەیركردنی ژنەوەیە لەلایەن كۆمەڵگەوە.بە تێڕامان لەم دەقە شیعرییە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت هەرچەندە هەموو شتەكان جوانیش بن بەڵام ئەگەر بۆ ڕەگەزی مێ بێت عەقڵی بەناتەواو دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بۆنی خوێن و شمشێرو ڕمی لێبێت مادەم نێرە عەقڵی بەتەواو كامڵ دادەنرێت.

هەروەها لە دەقێكی دیكەدا (شێركۆ بێكەس) بە جوانی پشتگیری لە ژن دەكات و ئەوەش دەردەخات كە ژن نیوەی كۆمەڵگایە گەر ژن ئازادانە بەژدار نەبێت لەهەر كایەو بەشێكی كۆمەڵگادا ئەوا بەنیوەی ئەمێنێتەوە هەروەك دەزانین لەكۆمەڵگەدا زۆر شت بۆ ژن سنوردار كراوە، بەڵام پیاوان ئازادانە بەشداری تێدادەكەن لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر ناوی شەرەف و ناموسدا كۆمەڵگە كراوەتە زیندانێك بۆ ژن وەك خۆی دەڵێت:

شەقام ئەڵێ تا مێینەم بە شەو و ڕۆژ ئازادانە پێدا

نەڕوات

وائەزانم شەقامێكم دەست و قاچێكم نوقسانە

ڕووبار ئەڵێ تا مێینە ئازادانە خۆی لەناوما

هەڵنەكێشێ

وائەزانم ڕووبارێكم نیوەی شەپۆلم نوقسانە. (دیوانی ملوانكە ، ٢٠٠٧: ١٢٦)

## ئەنجام

١- ئەدەبیاتی کوردی لە تەواوی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی خۆیدا، ژن وەک ناوەڕۆکێکی گرنگ بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە بەرهەمی بیر و بیرکردنەوە و نوسینی نوسەران و شاعیران. هەربۆیە لە تەواوی قۆناغەکانی وەک کلاسیک و ڕۆمانتیک و ئەدەبیاتی نویٚ وهاوچەرخیشدا، ژن بەجۆری جیاواز و تایبەت ئاوڕی لێدراوەتەوە.

٢- ناوەڕۆکە هەمەڕەنگەکانی شیعر و بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس، بەجۆرێکن، کە لە بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکانیدا، ژنی وەک ڕاستییەکی فەرامۆشکراوی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەی خۆی نوسیوەتەوە و لەپێناوی هەموو ئەو لایەنانەی، کە بەشێک لە ژیانی ژنیان پێکهێناوە، دەق تایبەتی و تەنانەت دیوانی تایبەتیشی بۆ داناون، دیوانەکانی ڕەنگدان و ملوانکە، باشترین نموونەن.

٣- لە خوێندنەوەی هەرکام لە دیوانەکانی (ڕەنگدان) و (ملوانکە)دا، هەست بە ئامادەیی کۆی ژن و مێینە دەکەین. بەو واتایەی، کە تەواوی ئەو لایەن و بوارە جیاوازانەی، کە ژیانی ژنیان پێکهێناوە، بە زمانێکی شیعریی تایبەت و دروستکردنی وێنەی هونەری تایبەت بە ژن و لە ڕوانگەی بیری شێرکۆ بێکەسەوە، دەبینرێنەوە. تەنانەت شاعیر ئازار و ژان و ناڕەحەتییەکانیش، زیاتر لەسەر زمانی ژنان و بە بەرگێکی ژنانەوەنوسیویەتییەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم-سەرچاوەکوردییەکان:

#### ١- کتێب/


١- ئەحمەد، کەژاڵ(١٩٩٩)، بەندەری بەرمۆدا، ، چاپی ١و ٢، سلێمانی.

٢- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٠)، دەربەندی پەپولە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاسا.

٣- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی ڕەنگدان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٤- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی ڕەنگدان، بەرگی دووەم، سلێمانی.

٥- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٦)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی پێنجەم، سلێمانی.

٦- بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٧)، دیوانی ملوانکە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٧- بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩)، دیوانی تەون، سلێمانی.

٨- بێکەس، شێرکۆ (٢٠١١)، ئێستا کچێک نیشتمانمە، سلێمانی.

٩- بێکەس،شێرکۆ(٢٠١٦)، خێراکە مردن خەریکە بگات، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٠- جەلیزادە، قوباد(٢٠٠٧)، شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١- حسێن، فوئاد، ئافرەت لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی جاحض، بەغداد.

١٢- حەسەن، شێرزاد(٢٠١١)،(ڕۆمان)، ژنێک بەسەر منارەوە، سلێمانی.

١٣- حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا.

١٤- دایکی سۆلاڤ(١٩٨٢)، چەپکێ وەنەوشە، بغداد، دارالقادسیە للطباعە.

١٥- ڕەسوڵ،محمد (١٣٩٢)، دیوانی پیرەمێرد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، سنە.

١٦- ساحێب قران،عبدوللرحمان بەگ(١٣٩٩)، دیوانی سالم، تاران.

١٧- عەلەوی، بزورگ (٢٠٠٢)،(ڕۆمان)، چاوەکانی، وەرگێڕانی:ئازاد بەرزنجی، تاران.

١٨- قانع، بورهان(١٣٨٤) ،دیوانی قانع، تاران.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٩- قەرەداغی، مهاباد(٢٠٠٢)، ئازادکردنی مێژوو(لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ژنان)، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٠- گۆران، عبدوللە (١٣٨٦)، دیوانی گۆران، تاران.

٢١- مەولود، ڕێزان ساڵح(٢٠١٣)، پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلیزادەو نزار قەبانی دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٢- موکریانی،کوردستان(١٩٨٠)، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

٢٣- مەلاکەریم، محەمەد (١٩٨٠)،دیوانی بێکەس ، چاپخانەی ئەدیب، بغداد.

٢٤- مدرس،مەلا عبدالكريم، عبدولکەریم، فاتح ، مەلا کەریم، محمد (١٣٦٢)، دیوانی نالی، تاران.

٢٥- مدرس، مەلا عبدالكريم(١٣٨٩)، دیوانی مەحوی، چاپی شەشەم، إنتشارات كردستان. سنه.

٢٦- مامە، سۆزان(٢٠٠٢)، ژن وگەڕان بەدوای ناسنامەدا ، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

٢٧- هێمن(١٩٧٤)، تاریک وڕوون، بڵاوکراوەی بنکەی پێشەوا.

٢٨- هەردی، ئەحمەد(١٩٨٤)، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

**٢- نامەی ئەکادیمی/**

٢٩- حسێن، سابیر(٢٠١٠)، دیاردەی فێمینیزم لەئەدەبی چەند نوسەرێکی مێینەی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

**٣- گۆڤار/**

٣٠- مەلاکەریم، محەمەد(١٩٧٥)، خەباتی شیعری کوردی لەپێناو ئازادکردنی ئافرەتدا، گۆڤاری بەیان،ژمارە٢٦ .

31-Abdulla, K.B., 2021. Lyric in Abdullah Goran’s Poems. Halabja University Journal, 6(4), pp.31-48.

-32Abdullah, K. B., Raheed Mera, A., and Hamafaraj, D. S., 2021. Poetic Image in" Salm's Poems. -Journal of Garmian University, 8(1), pp.1-11.

-33 Abdulla, K.B. and Hamafaraj, D.S., 2019. Erotic vision in the poetry of (Qubadi jalizada). Halabja University Journal, 4(3), pp.47-63.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١-گۆڤار:**

٣١- إبراهيم، رزان محمود(٢٠٠٨)، النسويه فى الأدب والنقد، مجلهالأردنية في اللغه العربيهوأدابها، المجلد(٤)، عدد ١،جامعة مؤتة عمادة البحث العلمي, الأردن.